## لە ساڵیادی (ئایندە)دا

# گوزەرێکی خێرا بەلایەنی هونەریی گۆڤاری [ئایندە]دا

ڕێبوار ئەوڕەحمان

مانگی پێشوو، گۆڤاری (ئایندە) دە ساڵی تەمەنی بەڕێکردو پێی نایە یانزە ساڵەی تەمەنییەوە، گەرچی ئەوە ماوەیەکی زۆر زۆرە تا بمانەوێت لەڕووی هونەرییەوە چەند بیروبۆچوونێک دەربارەی (ئایندە) دەرببڕین، چونکە لەماوەی دە ساڵی تەمەنیدا نکۆڵی لەوە ناکرێت ئایندە لەڕووی هونەرییەوە هەنگاوی بەرچاوی ناوە بەرەو پێشەوە، هەروەها تا ساڵی ٢٠٠١یش پێویستە لەهەڵسەنگاندنی لایەنی هونەریی (دیزاینو دەرهێنانی هونەریی) هەر بڵاوکراوەیەکدا، بارودۆخی ئەو کاتەو تەکنیکەکانی چاپو جۆری چاپخانەکانو ڕۆشنبیری دیزاینەرەکان لەبەرچاو بگرین، کە بەداخەوە هەموو ئەمانە ڕۆڵی نێگەتیڤی خۆیان هەبووە لەسەر هەموو بڵاوکراوەکان بەڕۆژنامەو گۆڤارەوە.

لە دە ساڵەی تەمەنی گۆڤاری ئایندەدا پێمخۆش بوو، چ وەک خوێنەرێکو چ وەک دیزاینەرێک چەند دێڕێک سەبارەت بەلایەنی هونەریی (دیزاینو دەرهێنانی هونەریی) گۆڤاری ئایندە بنووسم، بەو هیوایەم ئەم چەند دێڕە، یان ڕاستتر ئەم گوزەرە خێرایە بەلایەنی هونەریی ئایندەدا، بەشداری پشکێکی زۆر بچووکی زیاترو زیاتر پێشخستنی ڕووخساری ئەو گۆڤارە بێت.

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، ڕەنگە لەهەموو ڕوویەکەوە تایبەتمەندێتی خۆی وەربگرێت، تەنانەت لەلایەنی دەرهێنانی هونەریشەوە، لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە (ئایندە) گۆڤارێکی تایبەتمەندە، تایبەتمەندە لەڕووی ناوەرۆکەوە کە گۆڤارێکە تەنها گرنگی بەلایەنی ئەدەبیو هونەریی دەدات، کەواتە لێرەوە دەبێ بەشێوازێکیتر قسە لەسەر لایەنە هونەرییەکەی ئەم گۆڤارە بکەین.

ڕاستە ئایندە گۆڤارێکی تایبەتمەندە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەدوو توێی ژمارەکانیدا چەندین ژانری ئەدەبیو ڕۆژنامەنووسیی لەخۆ گرتووە (لێکۆڵینەوە، شیعر، چیرۆک، دەقی شانۆیی، چاوپێکەوتنو هەندێک جار ڕیپۆرتاژ)یش، کەواتە پێویستە دیزاینەر وریایانە مامەڵە لەگەڵ دیزاینو دەرهێنانی ئەم گۆڤارەدا بکات، چونکە هەریەکێک لەو ژانرانە، خوێنەرێکی خۆی هەیە، کە هەریەکەیان لەڕووی سایکۆلۆژیو (بینین)و ڕووانینیانەوە زۆر جیاواز دەڕواننە لایەنی دیزاینو دەرهێنانی ئەو بابەتەی کە خۆیان لایان پەسەندە.

بۆ ئەوەی لەبابەتەکە نەچینە دەرەوە، پێمخۆشە

بەشێوەی چەند خاڵێک قسە لەسەر دیزاینو دەرهێنانی گۆڤارەکە بکەین:

* وەک باسمان کرد ڕاستە ئایندە گۆڤارێکی تایبەتمەندە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ژانری ئەدەبییو ڕۆژنامەنووسیی لەخۆ دەگرێت، بەهەڵسەنگاندنێکی خێرای چەند ژمارەیەکی ڕابردووی ئەو گـۆڤارە (جگە لەهەردوو ژمارەی ٨٥ و٨٦ کە گۆڕانکاری تێدا کراوە)، سەرنج دەدرێت تەواوی ئەو ژانرانە بەیەک ڕیتمو لەسەر یەک شێواز دیزاین کراون، تەنانەت لەدانانی ناونیشانەکانیشدا هەموویان هاوشێوەنو، خوێنەر هیچ جیاوازییەک لەنێوان لێکۆڵینەوەیەکو دەقێکی شیعریی یان چیرۆکێکدا نابینێت. ئەمەش بەجۆرێک لەجۆرەکان هەڵەیەکە کە بەسەر دیزاینەردا تێپەڕ دەبێت، چونکە خوێنەری شیعر خوێنەرێکەو خوێنەری لێکۆڵینەوەش خوێنەرێکی ترە، کە ئەم دوو جیهانە چ لەڕووی تەمەنو چ لەڕووی سایکۆلۆژیو چ لەڕووی توانای بینینیانەوە دوو جیهانی جیاوازن، جگە لەمەش ئەو ژانرە ئەدەبییانە دوو ژانری جیاوازن، کە ڕەنگە هەریەکەیان پێویستی بەشێوازی دیزاین کردنی خۆی هەبێت، ناکرێت دەقێکی شیعریی کە لەدوو یان سێ لاپەڕە تێپەڕ ناکات، بەشێوازی لێکۆڵینەوەیەک دیزاین بکرێت کە گۆڤارەکە بە چەندین لاپەڕە بڵاوی دەکاتەوە، لێکۆڵینەوەکە بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی لایەنی دەروونیو کاتی خوێنەر، کاتێکی زۆر دەبات، بۆیە پێویستی بەوەیە بەشێوازێکی جیاوازو نەخشاندنێکی وریایانەتر دیزاین بکرێت، تا لانی کەم سەرنجی بەشی هەرە زۆری خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێتو لەو وشکییە دەربکرێت کە تەواوی گۆڤارەکانی تایبەت بەلێکۆڵینەوە خوویان پێوە گرتووە.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە لەدیزاینکردنی بابەتی لەم جۆرەدا، سەلیقەو وریایی دیزاینەرو ئاگاداربوونو نزیکیی لە خوێنەرەوە، ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەگێڕێتو جوانکارییو نرخێکی تریش دەداتە ئەو بابەتە، بەپێچەوانەشەوە بێئاگاییو دابڕانی دیزاینەر لەخوێنەر، ڕەنگە بابەتێکی زۆر بەنرخو بەپێز بکاتە بابەتێکی لاوەکیی ئەوتۆ، کە کەمترین ڕێژەی خوێنەری گۆڤارەکە خۆی لەخوێندنەوەی بدات.

* لایەنێکیتر لە دیزاینو دەرهێنانی هونەریی ئایندەدا کە سەرنج ڕادەکێشێت، بەکارهێنانی وێنەو هێڵو شەبەکو باکگراوندە، دەکرێت ئەم لایەنەیان بەپرسیارێک دەست پێبکەین، ئایا تائێستا ئەو یەکە تایپۆگرافیانە لەدیزاینی ئایندەدا وەک پێویست بەکارهاتووە؟.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە لەژمارەکانی ڕابردووی ئەو گۆڤارەدا، هەر یەکێک لەم یەکە تایپۆگرافییانە بەداخەوە سوودێکی ئەوتۆی لێوەرنەگیراوە، یان بەئاراستەیەکی تردا هیچ یەکێک لەو یەکە تایپۆگرافییانە نەکراونەتە بەشێک لەجوانکاری لە دیزاینو دەرهێنانی ئایندەدا.

بابەت هەبووە لەڕووی بەکارهێنانی ئەو یەکە تایپۆگرافییانەوە زیادەڕەوی زۆری تێدا کراوە، بابەتیش هەبووە زۆر بەوشکیو بەبێ بەکارهێنانی هیچ یەکەیەک لەوانە دیزاین کراوە. بێگومان لە هەموو بڵاوکراوە (گۆڤار، ڕۆژنامە) یەکدا، دوو لایەنی گرنگ هەیە کە پێویستە ئەو بڵاوکراوەیە بەرجەستەی بکات، کە ئەوانیش بریتین لە (یەکگرتوویی بابەت، یەکگرتوویی هونەریی)، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەی یەکەمیان نییە، بەڵکو ئەوەی دووەمیان بەلامانەوە مەبەستە، ئایا جۆرێک لەیەکگرتوویی هونەریی لەژمارەکانی ڕابردووی ئایندەدا بەدی کراوە؟ گەر بە ڕەهایی بڵێین نەخێر، پێموایە ئێمەش دەکەوینە هەڵەیەکی گەورە، بەڵام دەکرێ بڵێین بەڵێ کەمێک کراوە، بەڵام هەندێک جاریش لەهاوسەنگیی خۆی لایداوە. ئەم لایەنە لەچەند ژمارەیەکی ئایندەدا دەردەکەوێت، بۆنموونە ژمارەی هەیە دەقێک بە دوو ستوون دانراوە، بەڵام لەژمارەیەکیتردا کراوەتە یەک ستوون، یان ژمارە هەیە بۆ دەقێک بەرگێکی ناوەکی دروستکراوە، بەڵام لەدەقەکانیتردا بوونی نییە، ژمارە هەیە لێکۆڵینەوە بەسێ ستوون بڵاوبۆتەوە، ژمارەش هەیە لێکۆڵینەوە بەیەک ستوون بڵاوبۆتەوە، یان هەر لەیەک ژمارەدا

چیرۆکێک بە دوو ستوون بڵاوبۆتەوەو چیرۆکێکی تر بەیەک ستوون، ئەمە جۆرێک لە بێ ناسنامەیی لای خوێنەر دروستدەکات، ڕەنگە خوێنەرێک خووی بەوەوە گرتبێت کە لەگۆڤاری ئایندەدا تەواوی لێکۆڵینەوەکان بەدوو ستوون بڵاودەبنەوە، بەڵام کاتێک بابەتێک دەبینێت بەیەک ستوون بڵاوبۆتەوە، ئەمە جۆرێک لە سەرلێشێواندنی لا دروستدەکات. بۆیە باشتر وایە هەر بابەتێک، یان ڕاستتر هەر ژانرێک لەو ژانرانە ناسنامەیەکی خۆی لەگۆڤارەکەدا وەربگرێت، تا خوێنەر بە گوزەرکردنێکی خێرا بەنێو لاپەڕەکانیدا ژانرێک لەویتر جیابکاتەوە.

* لایەنێکیتری هونەریی لەگۆڤاری ئایندەدا کە زۆر جێی سەرنجە، لۆگۆو بەرگی گۆڤارەکەیە. ئەوەی سەرنج دەدرێت بەدرێژایی (دە) ساڵی تەمەنی گۆڤاری ئایندە، تائێستا چەندین لۆگۆی گۆڕیوە، لەڕاستیدا (دە) ساڵ بەسە بۆ ئەوەی گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک، لەسەر لۆگۆیەک بووەستێتو بیکاتە ناسنامەی گۆڤارەکەی.

لۆگۆ، بەیەکێک لە گرنگترین ناسنامەکانی هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیەک هەژمار دەکرێت، کە ئەویش پێویستی بەوەیە چەند مەرجێک هەیە لەخۆی بگرێت، لەوانەیش (لەشوێنێکی دیاری گۆڤارەکەدا بێت، ڕوونو ئاشکرا بێتو بەئاسانی بخوێنرێتەوە، بەجۆرێک لەجۆرەکان شێوەی وێنە وەربگرێت تا لەبەرچاوو لەزهنی خوێنەردا بمێنێتەوە)، هەموو ئەمانە لەو پێناوەدایە کە خوێنەر زۆر بەئاسانی بتوانێت لەناو چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەدا، ئەو گۆڤارە یان ئەو ڕۆژنامەیە بدۆزێتەوە کە خۆی مەبەستێتی، لەڕووی عورفی ڕۆژنامەنووسیشەوە پێویستە کاتێک ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێک، دەیەوێت لۆگۆ بگۆڕێت، لەژمارەی پێشتردا ئاگاداری بۆ بکات، تا خوێنەر گۆڤارەکە بناسێتەوەو بزانێت کە لۆگۆکەی گۆڕاوە.

دەکرێت بڵێین ئێستا دوای (دە) ساڵ تەمەن، کاتی ئەوە هاتووە گۆڤاری ئایندە لۆگۆیەکی جێگیر بۆ خۆی هەڵبژێرێتو چیدی هەوڵی گۆڕینی نەدات، پێموایە ئەو لۆگۆیەی کە لەدوو ژمارەی ڕابردووی گۆڤارەکە (ژمارەکانی ٨٥ و٨٦)دا، لەلاپەڕەکانی ناوەوەی گۆڤارەکە بەکارهاتووە، لۆگۆیەکی سەرنجڕاکێشەو تاڕادەیەک هەموو ئەو مەرجانەشی تێدایە کە ببێتە لۆگۆی سەر بەرگی گۆڤارەکە، هیوادارم ستافی ئەو گۆڤارە ئازیزە گفتوگۆیەک دەربارەی ئەم بیرۆکەیە لای خۆیان بکەن.

بەرگ، ڕووخسارو ناسنامەی یەکەمی هەر گۆڤارێکە، بۆیە پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی هەر یەکەیەکی تایپۆگرافی لەسەر ئەو ناسنامەیە، کارێکی ئاساییەو لەبەرژەوەندی خودی گۆڤارەکە خۆیدایەو ئاسانکارییەکیشە بۆ خوێنەر.

گۆڤاری ئایندە، وەک لەسەرەوە باسمان کرد، چەندین ژانری ئەدەبیی‌و ڕۆژنامەنووسیی لەخۆی دەگرێت، لەهەریەکێک لەژمارەکانیدا چەندین ناوی ناسراوو چەندین بابەتی بەپێزی تێدایە، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لای من، تائێستا ئەو گۆڤارە بۆ بەرگی دەرەوەی پشتی بەتابلۆیەکو بەکارهێنانی ڕەنگ بەستووە، لەکاتێکدا دەکرێت بەشێک لەو بابەتانە، بەوێنەی سەرنجڕاکێشەوە بهێنرێنە سەر بەرگی دەرەوە، کە ئەمە ڕەنگە بۆ خوێنەریش هاوکارێکی باش بێتو بۆ گۆڤارەکەیش خوێنەرێکی باشتر لەخۆی کۆبکاتەوە.

هیوادارم ئەم بابەتە هاوکارێکی بچووک بێت بۆ گۆڤاری ئایندە، بەهیوام ڕەخنەکان مەنتیقیو لەجێگەی خۆیاندا بووبن، هەڵبەت هەموومان کەئەم دەزگا خۆشەویستە کۆی کردووینەتەوە، هیوامان ئەوەیە هەموو بەرهەمەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، بەگۆڤارەکانو زنجیرەی کتێبیشەوە، لەهەموو ڕوویەکەوە لەئاستێکدا بن کە بەراورد نەکرێن بە بەرهەمیتر، ئەم چەند دێڕەش هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرت.